# حزبه ڕاستەکانی هۆڵەندا ناتوانن دەسەلآت بەدەست بهێنن، ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکان یارمەتیان نەدەن

مەحموود محەمەد عوسمان
هۆڵەندا

ڕۆژی 22 ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هۆڵەندا دەبێت. ئەبوایە ساڵی ئایندە ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرایە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتەکە روخا لە ئەنجامی دەستکشانەوەی حزبی دیموکرات 66 کە بەشدار بوو لە دەسەلآت.

1- حزبە ڕاستەکان کە ئەمە 3 ساڵە دەسەڵاتیان بەدەستە وە پێشتریش بۆ ماوەی 2 ساڵ. لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکاندا شکستیان هێنا بەرامبەر چەپەکان و سۆسیال دیمۆکراتییەکان، و هەتا دوێنی لە هەموو ڕاپرسییەکاندا و هەموو ئەو چاوپێکەوتنانە کە ڕووبەڕوو دەبوونەوە بەرامبەر چەپەکان و سۆسیال دیموکراتییەکان، هەر بەرەی چەپ و سۆسیال دیموکراتییەکان لە پێشەوەن. هەر سێ حزبە ڕاستڕەوەکە کە پێک هاتوون لە حزبی دیموکراتی مەسیحی و یەکێتی مەسیحییەکان و حزبی لیبرالەکەن ناتوانن 76 کورسی بەدەست بهێنن.

2_ حزبە چەپەکان بەتایبەتی پارتی سۆسیالست کە لە پەرلەماندا 9 کورسی هەیە، ئێستە لە ڕاپرسییەکاندا  26 کورسی بەدەست دەهێنن ( من بۆ خۆم دەڵێم ئەگەر 20 کورسیش بهێنن گەورەترین دەستکەوتە). حزبی چەپی سەوزیش 7 کورسی بەدەست دەهێنن و سۆسیال دیموکراتییەکانیش لە 40 بەسەرەوە بهێنن، ئەوا ئەمانیش ناتوانن دەسەلآت دروست بکەن، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ حزبی دیموکراتی 66 بتوانن ئەگەر ئەم حزبە دەنگی زۆرتر بهێنی لەوەی کە هەیە.

3- یان مارایسن کە سەرۆکی حزبی پارتی سۆسیالستە وە کەسێکی خۆشەویستە لە هۆڵەندا، زۆر جوان وتی با نەهێلین سۆسیال دیموکراتییەکان لەگەڵ حزبی مەسیحی دیموکراتی حکومەت درووست بکەن و لیبرالەکانیش بنێرینەوە بۆ ماڵەوە. بەڵی پێش بینی ئەوە دەکرێ کە سۆسیال دیموکراتییەکان لەگەڵ مەسیحییەکاندا دەسەلآت پێکبهێنن. وەک وتم ئەگەر ئەمان نەبن ڕاستەکان ناتوانن دەسەلآت دروست بکەن.

ئەمەی سەرەوە تا ڕادەیەک نەخشەی حزبەکانی هۆڵندایە. ئەتوانم بڵێم نە ڕاست دەتوانێ وەک ئەو سێ حزبە دەسەلآت درووست بکەن وە نە چەپەکانیش دەتوانن کە 2 حزبن و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتییەکان دەسەلآت درووست بکەن، بە گوێرەی خوێندنەوەم بۆ شانۆی سیاسی هۆڵەندا و دەنگ و باسی ئەحزابەکان و میدیا و بەرنامەکانی حزبەکان و ئەو ڕاپرسیانەی کە کراوە. هۆڵەندی واتەنی کێ ئەزانێ لە کاتی دەنگدان چی ڕوودەدات وکێ لەگەڵ کێ ئەم یاریە دەباتەوە. دواهەمین نەخشە بۆ دەنگەکان لە ئەنجامی ڕاپرسی و بۆچونی سیاسەتمەدارەکان، حزبی مەسیحی دیموکرات و لەگەڵ لیبرالەکان 65 دەنگ دەهێنن و پارتی سۆسیالست و چەپی سەوز و حزبی کار( سۆسیال دیموکرات) 68 دەنگ دەهێنن. بۆ دەسەلآت درووستکردن ئەبێت 76 کورسیان هەبێت.

4- چەپەکان ئەگەر دەسەلآتیش درووست نەکەن هەر براوەن، لە بەر ئەوەی لە کورسیەکانیان کەم نابێتەوە و بگرە زۆر دەچێتە سەرەوە. و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لە7 مانگی ئازار بەڕێوەچوو چەپەکان زۆر چوونە پێشەوە بەتایبەتی پارتی سۆسیالست .

5_ حزبە ڕاستەکان لە دەمی باڵکنددەوە کە سەرۆک وەزیرانە وتی ئەگەر چەپەکان بێنە سەر دەسەلآت ئەوا باری ئابووری دا دەبەزێت و ئاسایش کەم دەبێتەوە و کێشە بۆ نیشتەجێ بوون درووست دەکات،

ڕێک بە عەکسی ئەم قسانەی باڵکننده، خەڵکی هۆڵەندی هەر لەماوەی ئەم 4 ساڵەدا بۆیان دەرکەوت کە هەژار بەرەو هەژار بوون دەڕوات و دەوڵەمەندیش بەرەو زۆر دەوڵەمەند بوون دەڕوات، بگرە لە زاریّ ئابووریزانان و ڕێکخراوەکانەوە. وە 400 گەڕەک لە هۆڵەندا لە زۆر ڕووەوە بەرەو نزمی دەڕوات و بگرە خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی باش نییە. لە باری نیشتە چێبوونەوە زۆر ئاڵۆزیان کردووە و 26000 پەناهەندە مافی پەناهەندەییان پێنەدراوە کە لە نێوان 7 ساڵ تا 12 ساڵ لێرەن.

6- حزبە ڕاستەکان بەرامبەر چەپەکان زۆر زمانی نزمیان بەکار دەهێنا و هێرشیان دەکردە سەر لیدەرەکانیان. بۆ نموونە باڵکننده سەرۆک حزبی مەسیحی دیموکراتی بە ڤاوتەر بۆس سەرۆک حزبی کاری وت تۆ ڕاستگو نیت و بەشێوەیەک توند وەڵامی دەدایەوە وە مارک روتە سەرۆکی حزبی لیبرالەکان کە وەڵامی پێنەبوو بەرامبەر قسەکانی یان مارلینسن لە ڕووبوونەوەکە کشایەوە بە بێ ئەوەی دەست بخاتە ناو دەستی کە کۆتای هات، بەڵام یان مارلینسن بانگی کرد و دەستی بۆ درێژ کرد. هەر لەوە شەوە مارلینسن یەکەمی هێنا لە کۆی 6 حزبەکان.

7- بە مانەوەی حزبە ڕاستەکان لە دەسەڵات، ئەگەر ئێستە زۆرتر لە 25000 کەس داوای یارمەتی لە کەنیسە ئەکەن ئەوە ژمارەیە زۆرتر دەبێت، و ئەگەر ئێستە بە هەزارەها خێزان لە تەلەفزیۆنەوە ئەیانبین کە هەفتانە ریزدەگرن بۆ خواردنی وشک و خواردەمەنی تر حەتمەن زۆرتر دەبێت، ئەگەر قوتابیان توانای بەردەوام بوونیان نەبێت لە بەر خەرجی گرانی پێویستییەکانی قوتابخانە ئەوا پەروەردە و فێرکردن بەرەو ئاستێکی نزمتر دەڕوات، کە ئێستە کەمی مامۆستا بەدی دەکریّ لە پەروەردە، هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەماندا بیمەی تەندروستی کەم بووەتەوە، بە مەرجیّ پێش ساڵێک 40 ئیرۆمان مانگانە دەدا بۆ دکتۆر ئێستە 109 ئیرۆ ئەدەین، ئەی ئەو هەموو قوتابخانە ئایینییانە کراوەتەوە، ئەی مافی پەناهەندەی. ئەی چاوەڕوانی نەخۆشەکان بۆ چارەسەرکردنیان ئەی خانووی پەککەوتووەکان.ئەمانە زۆرتر بۆ خەڵکی هۆڵەندی ڕۆشن بووە، بۆیە کورسی چەپەکان لە زیاد بووندایە بەتایبەتی پارتی سۆسیالست. بە قەناعەتەوە ئەڵیم دەنگ بدەن بە پارتی سۆسیالست بۆ ئەوەی هۆڵندایەکی باشتر درووست بکەین.